# دوو نامە لە محەمەد فیداوە بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی

**ئا: سەرنووسەر**

**نامەی یەکەم**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

بۆ خزمەت زۆر بەڕێز مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی

دوای ڕێز و سلاو:

بەرزی و بەختەوەری و تەندروستیت لە پێناوی خزمەتی وێژە و مێژووی کورد و کوردستان لە یەزدانی یەکتا داوا دەکەم، هیوادارم هەمیشە لەم پێناوەدا لەوپەڕی سەرفرازیدا بی.

بە چاو پێ کەوتنی پەڕاوی (شەوچەرە) خزمەتەکەی جاری پێشووتم هاتەوە بیر کە بریتی بوو لە (مێژووی کۆیە).

بەراستی ئەدیبانی کوردستان سوپاست دەکەن کە بەم جۆرە خۆت لە خزمەتی ئەدەب و مێژووی کوردی هەڵکردووە. ئومێدەوارم پێنووسەکەت لەم ڕێگەیەدا هەر لە کاردا بێت، ئیتر بۆ پێشەوە بۆ هێنانەدی بەرهەمی نوێتر.

دڵسۆزت/ محەمەد فیدا

ڕانیە - ١٩٧١/٧/٣١

**نامەی دووەم**

بۆ زۆر بەڕێز مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی پێشکەش بێ

١- پێشەکی هەردوو دەستت بە گەرمی دەگووشم و هیوادارم هەموو کاتێ لە خۆشی و سەرکەوتندا بی بۆ خزمەتی مێژوو و وێژە و شەوچەرەی کوردی.

٢- هەواڵم بپرسی سوپاس بۆ یەزدان چاکم و ئەوا وێڕای ئەم نامەیە هەندێ قسەی خۆشم بۆ ناردی کە ئەگەر پێت چاک بوو لە شەوچەرەی دووهەمدا چاپیان بکە.

ئیتر بەخوام سپاردی

دڵسۆزت/ محەمەد فیدا

١٩٧٢/١١/١٣

أ- لە چەرخی میری عوسمانلیدا حەمەخانی بانە خزمەتکارێکی خۆی نارده تەورێزێ بۆ فێربوونی زمانی تورکی، کابرا ساڵێک لەوێ مایەوە و مەسرەفێکی زۆری کرد و گەڕایەوە بۆ بانە، حەمەخان پرسی چی فێربووی؟ گوتی قوربان هەموو شتێ فێربووم. خان گوتی چاکە بە

(کـەر) دەڵێـن چی بە تورکی؟ کـابرا گـوتی پێی دەڵێـن (ئێشەک). باشە ئەدی بە جاشکەکەی دەڵێن چی؟ گوتی بە سـاوایی هیـچی پێ ناڵێـن لێی دەگـەڕێن هەتا گـەورە دەبێ، جا بەویش دەڵێن (ئێشەک).

ب- وەجدی ئەفەندی هەبوو لە قەڵادزێ، ماڵ مودیرێ بوو، زۆربەی ژیانی بەسـەرخـۆشی ڕادەبوارد، هەمـوو بەیانیان دەچووە سەر ڕێگەی لادێییەکان و دەیگوت ئەمە چییە هەموو ڕۆژێ هەر دار و خەڵووز دەهێنن، سبەینێ ئارەق بێنن، ویسکی بێنن.

ج- هەڵشـۆ دێیـەکی گـەورەیە لە بناری پژدەر، ڕۆژێ کابرایەکی خەڵکی ئەوێ دێتە قەڵادزێ دوو بارە داری پێ دەبێ بۆ فرۆشتن، ساڵحە جووجکە باجگر بوو، پێی دەڵێ بێنە ئیسـتیـلاکی بارەکـانت. کابراش تێ نەدەگەیشت، نەقیزەی لە کەرەکانییەوە دەژاند و دەیگوت (هەچە هەچە تێتانەوە ڕاهێڵم ئیستیکان و میستیکانی چی).

د- ئاودەل ئاغـا هەبوو لە پژدەر، پیـاوێکی فـەقیـرحاڵ بوو، ڕۆژێ دەچێتە سەیری دەغڵی بزانێ جوان ڕواوە، کە دەڕوانێ ئەوا شـتێکی ڕەش و سپی لەناو دەغـڵـەکـەیدا دەگـەڕێ، لە ئاودەل ئاغـاش وایە مـەئمووری مـیـرییـە هاتووە دەغڵان خەمڵ دەکا، بانگ دەکا و دەڵێ هۆ ڕانک ڕەشی چۆغـە سپی دەغـڵی ئاودەلی بە تۆ خـەمڵ ناکرێ وەرە بۆ ئێرە، چەند جارێ بانگ دەکا جوابی نابێ، بۆی دادەنیـشێ و تفـەنگی پێوە دەنێ و دەیکوژێ و بە غـار دێتـەوە مـاڵێ و دەڵێ کـوڕینە بارکـەن مـەعـمووری حکوماتێم کوشتووە، خەڵکەکە دەست دەکەن بە بارکردن و ڕیش سـپییـەک دێ بۆ ناو دەغـڵی و تەماشا دەکا چ مەعمووری نەکوشتووە، بەڵام حاجی لەک لە کێ (حاجی لەق لەق) لەوێ کـەوتووە و کـوژراوە، دێتـەوە دەڵێ بابە کەس بار نەکا ئاودەل ئاغا لەک لەکی کوشـتووە نەک مەعموور.

هـ- بێکڵـو دێیـەکـە لە پژدەر خەڵکەکەی لە زەمـانی کـۆندا سـاویلکە بوون، قـەتیـان پەڕەسـێلکە نەدیبـوو، ساڵێک سەر لەبەهارێ چەند پەڕەسێلکەیەک بۆ هێلانە ڕوو دەکەنە ناو دێیـەکـە، خەڵکیش کـە چاویان پێیـان دەکەوێ دەڵێن هەبێ و نەبێ ئەمە موعجیزەیە دەنا دەعبا کلکی دووفاق نییە، دەس دەدەنە تێلایان و ڕاویان دەنێن و یەک دوویەکـیـان لێ دەکـوژن و ئەوانی دی دەڕۆن، لەوسـاوە تا ئێسـتـا پەڕەسـێلکە ڕووی نەکـردۆتەوە ئەو دێیە!!

و- وەیسـەمـەرە تایفـەیەکن لە پژدەر بە فـەقـیـرحـاڵی مەشهـوورن، جارێکیان چەند کـەسێکیان بە دەشتێکدا دەڕۆن چاویان بە شـوێن پێی حووشتـران دەکەوێ، نازانن چییە، یەکیان بە غار دێتەوە و مام بادینی ڕیش سپییان دەبات بۆ ئەو شـوێنە کـە بزانێ ئەوە چییـە، کـاتێ مـام بادین دێت و چاوی بەو شوێن پێیـانە دەکەوێ گـەڵێ پێ دەکەنێ و دەڵێ ئەگـەر نازانن (ئەوە قـوونە بەپێ خـاوسی ڕۆییوە)، بەم پێیە مەسەلەکەیان بۆ حەل دەکات.

ز- جـارێکی دیکـەش یەکێ لەم وەیسـەمـەرانە لەتە داسێکی ژەنگاوی کۆن دەدۆزێتەوە، دەیهێنێ بۆ لای مام بادینی و دەڵێ ئەمـە چیـیـە؟ ئەویش دەڵێ (ڕۆڵـە ئەوە مانگە کۆنە بەربۆتەوە، کەڵکی نەماوە فڕێی دە).

ح- فـەقێ مـەحـموود کوێرە هەبوو لە دێی کـەڵـەکـانی پژدەر دەیگوت (خـەڵـک نازانن تڕان بکـەنن، خـەسـاریان دەکـەن) گوتیـان جا تڕ هەر خەسار نابێ؟ گـوتی نا، کە تڕتان هات دەستوبرد بەرەڵڵای مەکەن، چەند جارێ لەناو زگتاندا سەرەوبنی بکەن و خڕی بکەنەوە و نەختێ تێزەی بدەنێ و پاڵی پێوە بنێن، جا ئەو تڕە گونان دەتەزێنێ.

ط- کـابرایەک هەبوو لە دێی نوورەدینی پژدەر ناوی


[ بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ]

بۆ - خزمەت زۆر بەڕێز مامۆستا طاهر احمد حوێزی .

دوای ڕێزو سڵاو :-

بەرزی و بەختەوەری وتەندروستیت لە پێناوی خزمەتی وێژەو
مێژووی کورد و کوردستان لە یەزدانی یەکتا داوا دەکەم.
هیوادارم هەمیشە لەم پێناوەدا لەو بەرێ سەرفرازی دابی.
بە چاوێ کەوتنی بەڕاوی [ شەوچەرە ] خزمەتەکەی جاری
پێشووتم هاتەوە بیر کە بریتی بوو لە [ مێژووی کۆیە ] .
بەراستی ئەمدیبانە کوردستان سوپاست دەکەن کە بەم جۆرە
خۆت لە خزمەتی ئەدەب ومێژووی کوردی هەڵ کردووە.
ئومێدەوارم لێ نووسەکەت لەم ڕێگەیەدا هەر لە کاردا بێت
ئیتر بۆ پێشەوە بۆ هێنانەدی بەرهەمی نوێ تر.

دڵسۆزت / محمد فیدا / ڕانیە
١٩٧١/٧/٢١

ئەحـە بوو، هەر لە خـۆیەوە زمـانێکی داهێنابوو. بە کالّەکی دەگوت زەردمـەمـەیە خاک. بە گـوێنی دەگـوت زەردمـەمـە فش. هەروا بەو جـۆرەو زۆری دیکە. ڕۆژێک جووتی دەکا، لەو دەمەیدا پیاوێکی جیرانیان بە سواری کـەرێ بەلایدا دەڕوات، ئەحـەش بە زمـانـەکـەی خـۆی پێی دەلێ (حـیـمـارەیە غـار)، کـابراش خـۆی لەسـەر کـەرەکـەی فڕێ دەداتە خوارێ و دەلێ (ئەحە کوا مار) تا بیکوژم.

ی- مەلایەک لە مزگەوتێ حەدیسی دەخوێندەوە و هەر باسی خۆشی و جوانی و ڕابواردنی بە هەشتی دەکرد. لە دواییـدا یەکێ لە دانیشـتـوان گـوتی مـامـۆسـتـا ئەدی بۆ نەختێ باسی جەهەنەمیشمان بۆ ناکەی تا بترسێین. مەلا گوتی پێویست ناکات باسی بکەم، چونکە بۆ خۆن دەچین و دەیبینین.

ک- هـۆمـەر حـەوێزی کـۆیی مـالّی لە قـەلادزێ بوو، گـێڕایەوە گـوتی جـەندرمـەی عـوسـمـانلی بووم بەناوی غـەزایە چووینە سـەردەشـتێ لە دیوی ئێـرانێ. ڕۆژێـکی سـەرمـا لە بەهارێدا زابتـەکـەمـان مـەشقی پێ دەکـردین، منیش بە قـەسـتی خـۆم لێ گـێل کـردبوو، کـە فـەرقی پێ کردم هاتە پێشم و گوتی جارێکی دی وا بکەی زللەیەکت لێ دەدەم سەرت بچێ بە عاسماندا و هەتا بارانی پەلّەی نەیەیـتـە خـوارێ. منیش کـە دەوام تـەواو بوو چوومـە لای یوزباشی و سـەلامم بۆ کـرد و گـوتم قـوربان ئەمـڕۆ زابت وای پێ گـوتووم، ئێـسـتـاش من خـاوەن مـالّ و منـدالّم، خـودا هەلّناگـرێ هەر لە ئێـسـتـاوە تاکـو بارانی پەلّەی پاییزێ سەرم هەر لە عاسمانێ بێ!!

کـە وام گـوت یوزباشی تەمـاشـای کـردم و سـەری لێ ڕاوەشـاندم و گـوتی کـوڕە تۆ شـێت بووی؟ سـەری چی و بارانـی پەلّـەی چی، بـڕۆ لاچۆ چـوار ڕۆژان لـۆ خـــۆت ئیسراحەتی بکە چاک دەبی.

تێـبـینی: مـامـۆسـتـا گـیـان نامـەم بۆ بنووسـە بەم ناوونیشانە

قەلادزە/ دوکانی حسێن شێخ بایز

وە لە قسەی خۆش فەرامۆشت ناکەم


بۆ/ زۆر بەڕێز ماموستا طاهیر احمد حوێزی / پێشکەشە.
١- پێشەکی هەردوو دەستت بەگەرمی دەگوشم و هیوادارم هەموو کاتێ لەخۆشی و
سەرکەوتن دابی بۆ خزمەتی مێژوو و ئەدەب و شەوچەرەی کوردی.
٢- هەوالم بپرسی سوپاس بۆ یەزدان چاکم و ئەوا ویرای ئەم نامەیە هەندێ
قسەی خۆشتم بۆ ناردی کە ئەگەر پێت چاک بوو لە شەوچەرەی دووهەم دا
چاپیان بکە. ئیتر بە خودام سپاردی /
دلسۆزت / محمد صدیق
١٩٧٦/١١/١٢